# وانەی ٧٥: پەروەردگاری شکۆمەندی

مەتا ١٦ و ١٧

لە وانەی ڕابردوو و لە دیراسەتمان لە پەرتوکی ئینجیلی پیرۆز، خوێندمان چۆن عیسای مەسیح چاوی پیاوێکی کردەوە کەوا بە زگماکی کوێر بوو. هیچ شتێك مەحاڵ نیە بۆ عیسا لەبەر ئەوەی خودی ووشەی خودایە کەوا وەك پیاوێك لەسەر زەوی بەدەر کەوت. لەبەر ئەوە عیسا توانی هەموو هێزێکی سەر زەوی کۆنترۆڵ بکات — با و دەریا و ڕۆحی پیس و نەخۆشی و مردن. بۆ هەر شوێنێك بڕۆیشتایە خەڵکی دەوریان لێ دەدا، بەڵام کەم بوون ئەوانەی زانیان کێیە بەڕاستی. ئەویان بە پێغەمبەر دادەنا، نەیاندەزانی هەموو پڕی خودا لەناو ئەو نیشتەجێ بووە. تێنەدەگەیشتن کە عیسا پەروەردگاری شکۆمەندییە، کەوا لە ئاسمانەوە هات. لە وانەماندا پشت بە خودا، دەبینین چۆن پەروەردگار عیسا پڕ بوو لە ڕووناکی و شکۆمەندی خودا، و چۆن ئەو شتەی پشان دا بۆ ماوەیەکی کورت ڕۆژێك کە لەسەر چیایەك بوو لەگەڵ سێ لە قوتابییەکانی.

ئێستاش بابگەڕێینەوە ئینجیلی پیرۆز. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ٩) [18] کاتێ عیسا بە تەنیا نوێژی دەکرد، قوتابییەکان لەگەڵی بوون، لێی پرسین: (خەڵکەکە دەڵێن من کێم؟) [19] وەڵامیان دایەوە: (یەحیای لەئاوهەڵکێش، هەندێکیش ئەلیاس، خەڵکی دیکەش پێغەمبەرێکی کۆنەکانە هەڵستاوەتەوە.) (مەتا ١٦) [15] پێی فەرموون: (ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟) [16] شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: (تۆ مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی.) [17] عیساش وەڵامی دایەوە: (خۆزگە دەخوازرێ بە تۆ، شیمۆنی کوڕی یۆنا، چونکە گۆشت و خوێن ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەو باوکەم کە لە ئاسمانە.

با لێرە ڕاوەستین و سەرنجی ئەو پرسیارە بدەین کە عیسا لە قوتابییەکانی پرسی ڕۆژێك کە بەتەنیا لەگەڵیان بوو. عیسا لێیانی پرسی، (خەڵکەکە دەڵێن من کێم؟) قوتابییەکان وەڵامی عیسایان دایەوە کە زۆربەی خەڵکەکە دەڵێن یەکێکە لە پێغەمبەران. پاشان عیسا دووبارە پرسیاری لێیان کردەوە و فەرمووی، (ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟) یەکێك لە قوتابییەکان بەناوی شیمۆن پەترۆس وەڵامی عیسای دایەوە، (تۆ مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی.)

بەڕاستی، ئەو پرسیارەی عیسا لە قوتابییەکانی کرد پرسیارێکی گرنگە کەوا دەبێت هەر یەك لە ئێمە وەڵامی بداتەوە! تۆ دەڵێی عیسا کێیە؟ ڕات چییە دەربارەی ئەو؟ ئایا تۆ تەنها بە پێغەمبەرێکی دادەنەی؟ یاخود تۆش هاوڕای لەگەڵ شیمۆن پەترۆس کەوا ڕایگەیاند عیسا، (مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی)؟ بەڕای تۆ عیسا کێیە؟ ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا مەسیحە — ئەو ڕزگاری دەرەی خودا بەڵێنی پێ دا زۆر لەوە پێش کاتێ باپیرە گەورەمان ئادەم و حەوا گوناهیان کرد؟ ئایا تۆ باوەڕت هەیە کە عیسا(کوڕی خودای زیندووە.) — ووشەی خودا کەوا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە؟

وەك دەزانی، زۆربەی خەڵك ئینکاری دەکەن کە عیسا کوڕی خودایە، لەبەر ئەوەی بیر دەکەنەوە ئەو ناوە مانای ئەوەیە کە خودا ژنێکی هێنا و منداڵی پێی بوو! بەڵام ئاوا نیە ماناکەی. شکۆمەندی خودا مەزنترە لەوە! خودا ڕۆحە و ژن ناهێنی و منداڵێکی نابێت وەك مرۆڤ، و ئەوەش ڕێ لە خودا ناگرێ ناو لە عیسا بنا کوڕی خۆی. پێشتر ڕوونمان کردەوە بەم شێوەیە: ئەگەر من بچمە دەرەوەی وڵات، و خەڵکی پێم بڵێن (کوڕی کوردستان)، ئەوە مانای ئەوە نیە کە کوردستان ژنی هێنا و کوڕی بوو! نەخێر، پێم دەوترێ (کوڕی کوردستان) لەبەر ئەوەی کوردستان ئەو شوێنەیە کە لێی هاتووم.

بەو شێوەیە بوو لەگەڵ عیسای مەسیح کەوا لە پاکیزەیەك لەدایك بوو. ئەو لە ئاسمان بوو تەنانەت پێش ئەوەی لەدایك بێت. ئەو ووشەی خودایە و ڕۆحی خودایە ( کامە الله و روح الله). تەنها عیسا شایەنی ئەوەیە ناوی لێ بنرێ کوڕی باڵادەسترین، لەبەر ئەوەی ئەو بە تەنها ئەو ووشەیەیە کە لەگەڵ خودا بوو لەسەرەتادا. ئەمە نادیاری مەزنە، بەڵام لەوە زیاتر ئەوەیە کە ڕاستییەکی مەزنیشە!

خودا کوڕی خۆی نارده جیهان نەك تەنها بۆ ڕزگارکردنمان لە گوناهەکانمان، بەڵکو هەروەها بۆ ئەوەی نیشانمان بدات خودا چۆنە. عیسا خەسەلەتی خودای لەسەر زەوی نیشان دا. هەرکەسێك کوڕ ببینی دەزانێ باوك چۆنە. هەرکەسێك عیسا ببینی دەزانێ خودا چۆنە. بە عیسا دەوترێ کوڕی خودا لەبەر ئەوەی لەلای خوداوە هات و لەبەر ئەوەی وەك خودایە و لەبەر ئەوەی خودی ووشەی خودایەی و ڕۆحی خودایە. برادەرانی ئازیز، ئەگەر باوەڕی پێ بکەین یان باوەڕهێنان پێی ڕەت بکەینەوە، ئەم ڕاستییە هەر دەمینێ: عیسا کوڕی خودای زیندووە !

ئێستاش بابەردەوام بین لە ئینجیلی مەتا و بخوێنین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی پەترۆس ڕایگەیاند کە عیسا مەسیحە و کوڕی خودای زیندووە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٦) [21] لەو کاتەوە عیسا دەستی‌کرد بە ڕوونکردنەوە بۆ قوتابییەکانی کە دەبێت بۆ ئۆرشەلیم بچێت، لەوێ بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا و مالمەکان زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەڵستێندرێتەوە. [22]پەترۆس هێنایە ئەم لاوە و لێی ڕاخوڕی: (خودا نەکات گەورەم! هەرگیز ئەمەت بەسەر نەیەت!) [23]عیسا ئاوڕی دایەوە و بە پەترۆسی فەرموو: (لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! کۆسپی لەبەردەمم، چونکە بیر لە شتە خوداییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە.)

تێ گەیشتی عیسا چی بە قوتابییەکانی فەرموو؟ پێیانی فەرموو کە دەبێت بڕواتە ئۆرشەلیم و زۆر ئازار بچێژێت بە دەستی پیران و کاهینای باڵا و مالمەکان، و کە دەبێت بکوژرێ و پاشان دووبارە هەستێندرێتەوە بۆ ژیان لە ڕۆژی سێیەمدا. و بەو شێوەیە عیسا ڕایگەیاند کەوا خوێنی خۆی دەڕێژی بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانمان بداتەوە.

بەڵام پەترۆس پێی قەبوڵ نەدەکرا کەوا پەروەردگار عیسا، ئەوەی خاوەن هەموو هێز و هەموو دەسەڵاتێکە، ڕێگا دەدات بەو ڕابرە خراپەکارانەی جولەکە بیگرن و ئازاری بدەن و بیکوژن. لەبەر ئەوە پەترۆس بە عیسای ووت، (خودا نەکات گەورەم! هەرگیز ئەمەت بەسەر نەیەت!) بەڵام عیسا دەیزانی کەوا هاتۆتە جیهانەوە تاکو خوێنی خۆی وەك قوربانی بڕێژی کەوا گوناە لادەبات. لەبەر ئەو هۆیە بە پەترۆسی فەرموو، (لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! کۆسپی لەبەردەمم، چونکە بیر لە شتە خوداییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە.)

عیسا دەیزانی بۆچی هاتە جیهان. ئەو هاتە جیهان بۆ ئەوە ژیانی خۆی ببەخشێ بەڕشتنی خوێنی پیرۆزی خۆی لەباتی گوناهباران، هەروەك چۆن پێغەمبەرانی خودا پێشبینیان کرد زۆر لەوە پێش. عیسا هات تاکو هێمای قوربانی بەرخ لەودا جێ بە جێ بکرێت. ئەگەر یەك شت هەبێ کە لە یادمان بمێنێتەوە لە وانەی ئەمڕۆ، دەبا ئەمە بێت: عیسای مەسیح هاتە جیهانەوە تاکو وەك قوربانی بمرێت بۆ ئەوەی سزای گوناە بداتەوە — گوناهی من و تۆ! لە چەن وانەیەکی تر، دەبینین چۆن پێشبینی عیسا دەربارەی مردنی خۆی بە ووردی هاتە دی لە ئۆرشەلیم. تەنانەت ئەگەر هەندێك بانگەواز بۆ پەیامێکی تر بکەن کەوا ناگونجێ لەگەڵ ئەوەی پەرتێش ئێغەمبەران و عیسا وەردطاربینیان کرد زۆر لەوە پێش، ڕاستی دەربارەی مردنی عیسا و هەستاندنەوەی ناگۆڕێ. خودا خۆی بڕیاری مردنی مەسیحی دا لەسەر خاچ. و کەس ناتوانێ بڕیاری خودا بگۆڕێ! عیسا هەڵبژارد بمرێ وەك قوربانی هەرەبەرز. ئەو شتەی ئەنجام دا لەبەر ئەوەی تۆ خۆش دەوێ و نایەوێ لەناو بچیت.

ئێستاش با تەماشا بکەین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی عیسا بە قوتابییەکانی ڕاگەیاند کە ئازار دەکێشی لە ژیانی لە ئۆرشەلیم. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٧) [1] دوای شەش ڕۆژ عیسا پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای برای برد و بە تەنها بۆ سەر چیایەکی بەرز ڕابەرایەتی کردن. [2]لەپێشیان شێوەی گۆڕا، ڕووی وەک ڕۆژ دەدرەوشایەوە و جلەکانی وەک رووناکی سپی هەڵگەڕان.

(لۆقا ٩) [30]دوو پیاویش لەگەڵی دەدووان، موسا و ئەلیاس بوون. [31]بە شکۆوە دەرکەوتن و لەبارەی دەرچوونەکەی کە خەریکبوو لە ئۆرشەلیم تەواوی بکات قسەیان کرد. (مەتا ١٧) [4]ئینجا پەترۆس بە عیسای وت: (گەورەم، پێمان باشە لێرە بین. ئەگەر حەز

بکەیت لێرە سێ کەپرتان بۆ هەڵدەدەم، یەکێک بۆ تۆ و یەکێک بۆ موسا و یەکێکیش بۆ ئەلیاس.) [٥]کاتێ قسەی دەکرد، هەورێکی
ڕۆشن باڵی بەسەریاندا کێشا و دەنگێک لە هەورەکەوە فەرمووی: (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!)
[٦]کاتێ قوتابییەکان گوێیان لێبوو، بەدەمدا کەوتن، زۆر ترسان. [٧]عیساش هات، دەستی لێدان و فەرمووی: (هەستن، مەترسن!)
[٨]ئینجا چاویان هەڵبڕی و لە عیسا زیاتر کەسیان نەبینی. [٩]کە لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، عیسا فەرمانی پێدان: (ئەمەی بینیتان بە
کەسی مەڵێن، تاکو کوڕی مرۆڤ لەناو مردووان هەڵدەستێندرێتەوە.)

تێ گەیشتی لەوەی ڕووی دا لەسەر ئەو چیا بڵندە؟  ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر و دڵڕفێن بوو!  دەخوێنینەوە کە ڕووخسارەی دەرەوەی عیسا گۆڕا — دەم و چاوی وەك خۆر درەوشایەوە و جلەکانی تیشکێکی سپی لێ هەڵسا.  هەمان تیشکی مەزن سافی ڕووناك کە لە خوداوە دەدرەوشێتەوە و چواردەورەی تەختی خودا لە ئاسمان دەگرێتەوە ئێستا لە عیسا دەدرەوشێتەوە!  ئەو ڕووناکیە شکۆدارەی کەوا پیرۆزترین شوێنی لە چادری چاوپێکەوتنی پڕ کردەوە لە ڕۆژانەی کە موسا و گەلی ئیسرائیل لە چۆلەوان بوون — هەمان شکۆمەندی لە عیسادا بوو، هەرچەندە مرۆڤـ نەیاندەتوانی ببینن.  بەلاَم بۆ ساتێکی کەم و لە ئامادەیی سێ لە قوتابییەکانی عیسا، خودا شکۆمەندی جوانی خۆی بەدەر خست کەوا لە جەستەی عیسادا شاردبویەوە!  و لە هەمان کاتدا، خودا دوو پێغەمبەری ناردە خوارەوە لە ئاسمان، موسا و ئیلیا، بۆ ئەوەی لەگەلێ عیسا بدوێن سەبارەت بە مردنی لە ئۆرشەلیم.  هەروەها خوێندمانەوە کە هەورێکی ڕووناك چیاکەی داپۆشت و دەنگی خودای بالاَدەست دەنگی دایەوە لەناو هەورەکە و فەرمووی، (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!)

هۆی ئەم هەموو شتە چی بوو؟  بۆچی خودا ئەم هەموو شتە شکۆدارەی ئەنجام دا لە ئامادەیی پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب؟  لەبەر ئەم شتە.  خودا ویستی بەلگەیەکی بێ گومان بداتە ئەم سێ شایەتە کە بەڕاستی عیسا کوڕی تاهەتایی خودایە لە ئاسمانەوە، و هەموو کەس دەبێت گوێی لێ بگرن!  نووسراوی پیرۆز ئاوا بانگەواز دەکات کاتێ دەفەرموێ:  ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی. (یۆحەنا ٥: ٢٣)  لەمێژە خودا زۆر جار و بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەران لەگەڵ باوباپیراندا دوابوو، بەلاَم لەم ڕۆژانەی کۆتاییدا بەهۆی کوڕەکەی لەگەڵمان دووا، ئەوەی دەستنیشانی کردووە وەک میراتگری هەموو شتێک و بە ئەویش گەردوونی دروستکردووە. ئەو تیشکی شکۆی خودایە و بە تەواوی وێنەی کرۆکیەتی، هەڵگری هەموو شتێکە بە وشەی هێزی خۆی، دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناە کرد لە دەستەڕاستی گەورەیی دانیشت لە بەرزاییدا.  (عیبرانیەکان ١: ١–٣)

تۆ ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟  چی دەلێی دەربارەی ئەو؟  ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا پەروەردگاری شکۆیە کەوا لە ئاسمانەوە هات؟  یاخود تەنها وەك پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران پلەی بۆ دادەنەی وەك زۆربەی خەلکی جیهان وادەکەن؟  با بخوێندین لە هێندێك ووشەکانی قوتابییەکانی عیسا پەرترۆس و یۆحەنا، کەوا لە نووسراوە پیرۆزەکان نووسییان چەن ساڵێك لەپاش بینینی شکۆمەندی خودا درەوشایەوە لە عیسا لەسەر چیاکە.

پەترۆس، نێردراوی عیسا نووسیویەتی:  ئێمە دوای ئەفسانەیەک نەکەوتووینە کە زیرەکانە دروستکراوە، هاتنی خوداوەندمان عیسای مەسیح و هێزەکەیمان پێ ناساندن، بەڵکو شایەتحاڵی پایە بەرزییەتی ئەوین. چونکە کاتێ ڕێز و شکۆی لە خودای باوک وەرگرت، دەنگێکی ئاوا لە شکۆداری پایە بەرزەوە بۆی هات: (ئەمەیە کوڕی خۆشەویستم، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم.)، [١٨]ئێمەش گوێمان لەم دەنگە بوو کە لە ئاسمانەوە هات، کاتێ لە شاخی پیرۆز لەگەڵی بووین.  (٢ پەترۆس ١: ١٦–١٨)

یۆحەنا، نێردراوشی عیسا نووسیویەتی:  ئەوەی لە سەرەتاوە بوو، ئەوەی گوێمان لێیبوو، ئەوەی بە چاوی خۆمان بینیمان، ئەوەی تەماشامان کرد و دەستمان پێی کەوت، سەبارەت بە وشەی ژیان -ژیانەکە دەرکەوت، ژیانی تاهەتاییمان بینی و شایەتی دەدەین و

بۆتانی ڕادەگەیێنین، ئەوەی لەلای باوکەکە بوو و بۆمان دەرکەوت... شکۆی ئەومان بینی، وەک شکۆی تاقانەیەک لە باوکەکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی. (١ یۆحەنا ١: ١، ٢ و یۆحەنا ١: ١٤)

و لە کۆتایی ئینجیلی یۆحەنا، نووسیویەتی، عیسا لەبەردەم قوتابییەکانی زۆر نیشانەی دیکەی کرد کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە.
[٣١] بەڵام ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت.
(یۆحەنا ٢٠: ٣٠، ٣١)

ئایا تێ گەیشتی لەم شتانە گرانە؟ خودا دەیەوێ توانای بینینت بداتێ لەم ڕاستییە جوانانە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئەوەی هەموو کاتێ لە کەژاوەی سەرکەوتن لە مەسیحدا ڕابەرایەتیمان دەکات، لە هەموو شوێنێک بەهۆی ئێمە بۆنی خۆشی ناسینەکەی بڵاو دەکاتەوە... ئیتر بەسە ئەو سزایەی کەوا لەلایەن زۆرینەیە، بە پێچەوانەوە، باشترە گەردەنی ئازاد بکەن و دڵنەوایی بکەن، نەوەک لە خەفەتی زۆرەوە هەڵبلووشرێت. [٨] لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم خۆشەویستی خۆتانی بۆ دووپات بکەنەوە.

(٢ کۆرنسۆس ٢: ١٤، ٦–٨)

تا جاری داهاتوو، بەردەوام بە لەبیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی خودای باڵادەست ڕایگەیاند لەسەر چیاکە سەبارەت بە پەروەردگار عیسا کاتێ فەرمووی، (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!) (مەتا ١٧: ٥)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. عیسا لێیانی پرسی، (خەڵکەکە دەڵێن من کێم؟) عیسا دووبارە پرسیاری لێیان کردەوە و فەرمووی، (ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟) تۆ دەڵێی عیسا کێیە؟ ڕات چییە دەربارەی ئەو؟

٢. ئایا تۆ تەنها بە پێغەمبەرێکی دادەنەی؟ یاخود تۆش هاوڕای لەگەڵ شیمۆن پەترۆس کەوا ڕایگەیاند عیسا (مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی)؟

٣. ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا مەسیحە — ئەو ڕزگاری دەرەی خودا بەڵێنی پێ دا زۆر لەوە پێش کاتێ باپیرە گەورەمان ئادەم و حەوا گوناهیان کرد؟

٤. ئایا تۆ باوەڕت هەیە کە عیسا (کوڕی خودای زیندووە.) — ووشەی خودا کەوا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە؟

٥. تێ گەیشتی لەوەی ڕووی دا لەسەر ئەو چیا بڵندە؟

٦. هۆی ئەم هەموو شتە چی بوو؟ بۆچی خودا ئەم هەموو شتە شکۆدارەی ئەنجام دا لە ئامادەیی پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب؟

٧. تۆ ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟ چی دەڵێی دەربارەی ئەو؟

٨. ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا پەروەردگاری شکۆیە کەوا لە ئاسمانەوە هات؟ یاخود تەنها وەك پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران پلەی بۆ دادەنەی وەك زۆربەی خەڵکی جیهان وادەکەن؟

٩. ئایا تێ گەیشتی لەم شتانە گرانە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org